# نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ، ڕاوێژکاری دراماتورگ

د. فازڵ جاف

دراماتورگی بەناوبانگی بەریتانیا (کێنیس تاینان Kenneth Tynan 1927-1980 -) دەڵێت: هیچ شانۆیەک ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست گەشە بکات، ئەگەر پێوەندییەکی پتەو بەرجەستە نەکات لە نێوان ئەوەی لەسەر شانۆکەدا ڕوو دەدات لەگەڵ ئەوەی کە لە جیهاندا دەگوزەرێت.

ئەم هزرە قووڵەی کێنیس تاینان گرینگیی ڕۆڵی دراماتورگ و پرۆسەی دراماتورگی لە پێوەندی نمایش بە ئێستا و ئێرەوە دەسەلمێنێت. تاینان بەم بۆچوونە ڕاستییەیەک دەربارەی ئەرکی سەرەکی دراماتورگ دووپات دەکاتەوە کە پێویستە بەر لە هەموو شتێک، پێوەندی نمایش بە ئێستا و بە ئێرەوە پتەو بێت، کە دەکاتە پێوەندی نێوان جیهانی نمایش بە جیهانی دەرەوەی نمایش (مرۆڤ و کۆمەڵگە و جیهان). دراماتورگ چەند لێهاتووانە و زمانێکی هاوبەش و زیندوو لە نێوان هەردوو جیهاندا، جیهانی نمایش و جیهانی واقیع بخوڵقێنێت، ئەوەندە لە پیشەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت، ئەوەندەش باشتر مەبەستی سەرەکی نمایشەکە دەپێکێت، کە دەکاتە خوڵقاندنی نمایشێکی سەردەمیانەی زیندوو.

ئەم هزرە سەرەکییەی چەمکی دراماتورگی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەمەوە، بە دەست (دیدرۆ) و (لیسینگ) پاشتر گەڵاڵەکردنی لەلای دەرهێنەرە مەزنەکان، دامەزرێنەرانی شانۆی مۆدێرن، لە پراکتیکدا ڕەنگی دایەوە.

توێژەرانی شانۆ بەگشتی کۆکن لەسەر ئەوەی کە ستانیسلافسکی، یەکەم ڕێپێشەوە لە مێژووی شانۆدا، چ بە توێژینەوە، چ بە کردار کاری لەسەر ئەم چەمکە کردووە. ئەگەر بەوردی لە ئەزموون و ڕێبازەکەی ستانیسلافسکی بکۆڵینەوە، بەتایبەتی لە چەمکە گرنگەکەی سەبارەت بە ئەرک و ئەرکی سەرەکی و ئەرکی هەرە سەرەکی (سوپەر ئەرک)، دەگەینە دەرئەنجامێکی گرنگ کە نزیکە سەت و پەنجا ساڵ بەر لە وتارەکەی تاینان، گرنگی بە پێوەندی پتەو و گیانی بە گیانی نێوان جیهانی نمایش و جیهانی واقیع داوە، دیارە مەبەستی ئەو لە دەستەواژەی ئەرک ئەو ئەرکەیە کە دەکەوێتە سەر شانی ئەکتەر،

ئەرکی سەرەکیش تێگەیشتن لە شانۆنامە و هزری شانۆنامەکە دەگرێتەوە، لە کاتێکدا کە ئەرکی هەرە سەرەکی (سوپەر ئەرک) پێوەندی نمایش بە ئێستا و بە ئێرەوە دەگرێتە خۆ.

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕێژیسۆرە ڕوانگەی دراماتورگی لە چوارچێوەی تیوری نواندن و دەرهێنان بەم دیدگا ئیستێتیکییە ڕوونە دارشتبێت. ئەم دەستپێشخەرییەی ستانیسلاڤسکی ڕێگەی بۆ ڕێژیسۆرانی پاش خۆی، بەتایبەتی بۆ مییرهولد و بریخت ئاسان کردووە کە بە دراماتورگییەکی داهێنەرانەتر لە پێوەندی نێوان نمایش و کۆمەڵگە قووڵ ببنەوە.

لە سەرەتای دامەزراندنی شانۆی هونەریی مۆسکۆ/ مخات MXAT (مخات کورتکراوەکەی شانۆی هونەریی موسکۆییە بە زمانی ڕووسی)، ستانیسلاڤسکی (ئەکتەر و ڕێژیسۆر) و نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆی- Vladimir Nemirovich Danchenko/ 1858 –1943 (بەرپرسی ئەدەبی مخات) ئەم بەها فیکری و هونەرییەیان، وەک بەردی بناغەی شانۆی مۆدێرن چەسپاند.

ستانیسلاڤسکی هاوشان لەگەڵ نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ، کە بەڕێوەبەری ئەدەبی/ دراماتورگی شانۆکە بوو، پێداگرییان لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی شانۆ دەکرد، هەردووکیان جەختیان لەسەر کاریگەرێتی شانۆ لەسەر گەشەی کۆمەڵدا دەکردەوە. ستانیسلاڤسکی و نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ پێیان وابوو شانۆ نابێت لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە دابڕێت. ئەم ئەرک و ئامانجە لە یەکەم دەستنووسی پێڕەوی مخات چەسپێنرا. نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ بە ئەندازەیەک پێداگری لەسەر مۆرکی سۆسیۆلۆژیانەی مخات دەکرد، کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی مخاتەوە، ناوی (تیپی شانۆی خەڵکی هونەریی مۆسکۆ)ی لە بری



**نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ**

(شانۆی هونەریی مۆسکۆ) پێشنیاز کرد، بۆیە لە هەڵبژاردنی هەر شانۆنامەیەک لە ڕەپێرتوار (بەرنامەی نمایشەکان)ی مخات، لەم پێوەرە لایان نەدەدا. بەرنامەی نمایشەکانی مخات، هەر لە قۆناغی یەکەمەوە، ژمارەیەکی زۆری لە شانۆنامەکانی چێخۆف و ئیبسین و ئۆسترۆڤسکی و تۆلستۆی و شەکسپیر و مۆلێری گرتبووە خۆ. شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە مەزنانە، زیاتر لە بەرهەمی نووسەرانی تر، تاکوو ئێستاش لە مخات، بەردەوام نمایش دەکرێن.

کە باس لە بزاڤی شانۆی مۆدێرن دەکرێت، شانۆی هونەریی مۆسکۆ بە کۆڵەگەیەکی گرنگی ڕەوتی شانۆی مۆدێرن دەژمێردرێت، ئەمەش بە هۆی دوو تایبەتمەندییەوە بوو: یەکەمیان ڕێبازی جیاهەڵکەوتووی مخات لە نواندن و دەرهێنانی شانۆییدا، کە داهێنانەکانی بۆ خودی ستانیسلاڤسکی دەگەڕێتەوە. دووەمیشیان بۆ ڕۆڵی پرۆسەی دراماتورگی و کاری دراماتورگ دەگەڕێتەوە، کە داهێنان و ئەزموونەکانی بۆ

دراماتورگ نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ دەگەڕێتەوە. خۆ ئەگەر ستانیسلاڤسکی لە مخاتدا ڕێبەر و مامۆستا و تیۆرزانی هەردوو هونەری نواندن و دەرهێنانی شانۆیی بێت، دیارە نیمرۆڤیچ دانچێنکۆ، بەبێ ڕکابەر، بەرپرسی دراماتورگی شانۆکە بووە و یەکێکیش بووە لە دراماتورگە کارامەکانی سەردەمی خۆی، بۆیە دەکرێت بڵێین: مخات لەم ڕووەوە پێشەنگە.

نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ سەرەڕای ئەوەی، بە واتەی ستانیسلاڤسکی شانۆنووسێکی لێهاتوو بووە و چەند شانۆنامەیەکی سەرکەوتووی نووسیوە، شارەزاییەکی تەواویشی لە هونەر و تەکنیکی نووسینی شانۆنامەدا هەبووە. ساڵانێکی زۆریشی لە ئەکادیمیای شانۆ (ئەکادیمیای فیلهارمۆنیا)ی مۆسکۆ وانەی ئەدەبی شانۆیی و شیکردنەوەی دەقی شانۆیی دەگوتەوە، واتە قوتابییەکانی فێری چۆنیەتی شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی شانۆنامە و تەکنیکی شانۆنامەنووسین دەکرد. قوتابییەکانیش ئەو خوێندکارە بلیمەتانەیان لێ دەرچوو، کە لە مێژووی شانۆی ڕووسی و شانۆی جیهاندا بەناوبانگن، لەوانە، هەر بۆ نموونە، میێرهولد و ڤاختانگۆڤ و ئۆلگا کنیپەر...تاد.

ستانیسلاڤسکی لە کتێبە بەنرخەکەیدا (ژیانم لە هونەردا) دەربارەی کارامەیی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ لە هونەر و تەکنیکی شانۆنووسین دەڵێت: نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ یەکێک بوو لە نووسەرە گەنجە هەڵکەوتووەکانمان، بگرە لە بلیمەتیدا بە تەنیا جێگرەوەی ئەلکسندەر ئۆسترۆڤسکی دادەنێت. ئەوەبوو بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنتوان چێخۆڤ خەڵاتی (گریبۆدییدۆڤ)ی پێ بەخشرا، بەڵام نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ خۆی بە شایستەی وەرگرتنی خەڵاتەکە نەدەبینی، ئەو پێی وابوو شانۆنامە براوەکەی چێخۆڤ (مەلی دەریا/ نەورەس) لە شانۆنامەکەی خۆی شایستەتر بوو بۆ خەڵاتەکە، بۆیە لەسەر داخوازی خۆی خەڵاتەکە تەنیا بە چێخۆڤ بەخشرا. وەک ستانیسلاڤسکی لە (ژیانم لە هونەردا) دەڵێت: نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ لە ڕادە بەدەر بە مەلی دەریای چێخۆڤ سەرسام بوو، خەونی ئەو، ئەوە بوو کاری دەرهێنان بۆ مەلی دەریا بکات، هەر ئاوهاش کەوتەوە، ئەوەندەی نەبرد شانۆنامەکە لەلایەن مخاتەوە پێشکەش کرا، نمایشی مەلی دەریا سەرکەوتنێکی هونەری لەبیرنەکراوی بۆ مخات تۆمار کرد، سەرکەوتنێک کە لە مێژووی مخاتدا بە وێستگەیەک دادەنرێت. ئەکتەران و ئەندامانی تیپەکە لە ڕادەبەدەر دڵیان بەو سەرکەوتنە خۆش بوو، ڕەخنەگرە خاوەن تواناییەکانی شانۆی ڕووسیش تێکڕا ستایشی نمایشەکەیان کرد. وەک ستانیسلاڤسکی دەڵێت، ناوبانگی شانۆی هونەریی مۆسکۆ بۆ شانۆنامەکانی چێخۆڤ دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە مخات وێنەی باڵندەی دەریا (نەورەس)یان کرد بە لۆگۆی تیپەکەیان. لە سەروبەندی باسکردن لە ئەدەبی شانۆیی چێخۆڤ، ستانیسلاڤسکی ڕا دەمێنێت و دەڵێت: تۆ بڵێیت توانیبێتمان ئەو شانۆیە بەدی بێنین کە چێخۆڤ مەبەستی بوو؟، واتە ئەو شانۆیەی کە چێخۆڤ لەسەر زاری ترێپیلف (پاڵەوانی باڵندەی دەریا)ی یاخی و نوێخواز وێنای دەکات.

بە دیدی خۆم ئەزموونی تیپی شانۆی هونەریی مۆسکۆ لە بواری دراماتورگی و ئەرک و پێگەی گرنگی دراماتورگ بۆ سەردەمی خۆی ئەزموونێکی پێشەنگ و بێ هاوتا بوو. تەنیا ئەوە نەبێت، کە ئەوان لە بری دەستەواژەی دراماتورگ، ناوونیشانی بەڕێوەبەری ئەدەبییان بەکار هێناوە. هەر لە سەرەتاوە ستانیسلاڤسکی بە ڕیژیسۆری مخات دەستنیشان کراوە، نیمیرۆڤیچ دانچینکۆش بە بەڕێوەبەری ئەدەبی مخات، واتە بە دراماتورگی شانۆکە. ئەم

دەستەواژەیە، بەڕێوەبەری ئەدەبی شانۆ، تاکوو ئەم دواییەش لە هەندێک لە شانۆیە گەورەکانی ئەورووپا بەکار دەهێنرا. نموونەی موعتەبەریشم کینیس تاینانە، کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێ کرد. تاینان وەک دراماتورگ لە شەستەکانی شانۆی نەتەوەیی لە لەندەن دەستبەکار بوو، دروست لە سەروبەندی بەڕێوەبەرایەتی ئەکتەری مەزن لۆرانس ئۆلیڤیە، کاتێک کە ئۆلیڤیە لە ساڵی ١٩٦٣ بوو بە یەکەم بەڕێوەبەری هونەری شانۆی نەتەوەیی لە لەندەن. تاینان کە ڕەخنەگرێکی شانۆیی بەناوبانگی سەرتاسەری بەریتانیا بوو، وتارەکانی بە زۆری لە ڕۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر) بڵاو دەکردەوە، هەر لەوێش بە فەرمی وەک ڕەخنەگر کاری دەکرد، وتارەکانی تاینان ڕۆڵێکی کاریگەر و کارایان لە نۆێکردنەوە و گەشەی شانۆی ئینگلیزیدا هەبوو، هەروەها لە دژایەتیکردنی هەموو جۆرە سانسۆر و تابوییەک. تاینان دریغی لە پاڵپشتیکردنی شانۆنامەنووسە گەنجەکانی ئەو سەردەمە نەدەکرد، لە سەرووی هەمووشیانەوە شانۆنامەکانی (جۆن ئۆزبۆرن)ی نووسەری شانۆنامەی (بەتووڕەیی ئاوڕ لە دواوە بدەوە)، کە بووبوو بە پێشەنگی تەوژمێکی گەنجانەی نوێ لە شانۆی ئینگلیزیدا، پێی دەگوترا تەوژمی تووڕە. بە هۆی بیر و هزری توند و ڕادیکاڵانەی تاینان، ئۆلیڤیە لە سەرەتادا لەگەڵ ئەوەدا نەبوو تاینان لە شانۆی نەتەوەییدا دەستبەکار بێت، بەڵام هاوسەرەکەی ئۆلیڤیە (جوان پلۆرایت) باوەڕی پێ هێنا کە تاینان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە پێشخستن و گەشەی شانۆی نەتەوەییدا ببینێت.

خۆ ئەگەر ناوبانگی تاینان وەک ڕەخنەگر لە ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەرەوە دەرکەوتبێت، دەکرێت بڵێین کە ناوبانگی ڕاستەقینەی ئەو وەک دراماتورگ، لە شانۆی نەتەوەییەوە بۆ جیهانی شانۆ تەشەنەی کرد. وەک (پۆل جۆنسۆن)ی ڕەخنەگر دەڵێت: ڕەنگە تاینان لە هەموو کەسێک زیاتر بە درێژایی ساڵانی شەستەکان ئەو کاریگەرێتییەی لەشانۆی جیهانیدا هەبووبێت.

سەیر لەوەدایە کە تاینان، بە چەشنی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ، کار و ئەرکی دراماتورگی لە یەکێک لە شانۆ گەورەکانی جیهان بە ئەنجام دەگەیاند، ئەویش لە ژێر ناوونیشانی بەڕێوەبەری ئەدەبی، نەک لە ژێر ناوونیشانی دراماتورگ، ئەویش بە چەشنی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ، ڕۆڵی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی ڕێپێرتواری شانۆی نەتەوەیی بەریتانیادا هەبوو.

ئەوەی کە لە هەموو شتێک گرنگترە لە کاری داهێنەرانەی تاینان وەک دراماتورگ، ئەوە بوو توانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە بەرنامە و ڕێپێرتواری شانۆی نەتەوەییدا بکات، گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵانە لە جۆری هەڵبژاردنی شانۆنامەکان بکات، کە دەکرێت ناوی وەرچەرخانی لێ بنرێت، ئەم گۆڕانکارییە، خۆشبەختانە، لە سات و کاتێکی گونجاودا، لە سەردەمی بەڕێوەبەرێتی داهێنەرێکی مەزنی وەک لۆرانس ئۆلیڤیەدا هاتە دی.

لەلایەکی دیکەوە کە باس لە ئەزموون و کارەکانی تاینان دەکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو یەکەم کەس بوو دەرگای لە ڕووی تەوژمی نوێی نەوەی شەستەکان و نەوەکانی دواتر واڵا کرد. ئەو لە شانۆی ئینگلیزیدا یەکەم کەس بوو کە بەلایەوە گرنگ بوو، بەرهەمی شانۆیی نووسەرە گەنجەکان و بابەتی بڤە و قەدەغە و تابو بخاتە ناو ڕێپێرتواری شانۆوە، لە سەرووی هەمووشیانە وەکوو گوتم، شانۆنامەی (بە تووڕەیی ئاوڕ لە دواوە بدەوە).

سەرجەم ئەو شانۆنامانەی کە لە سەردەمی تاینان لە شانۆی نەتەوەییدا نمایش کران،

دەگاتـە ٧٩ شـانۆنامە، ٣٢ یـان ڕاسـتەوخۆ بیرۆکـەی ئـەو بـوون، ٢٠ یشـیان بـە هـاوکاری هاوکارەکانـی هەڵبژێـردران. ئـەم ژمارانـە ڕۆڵـی تاینـان وەک دراتـورگ لـە دەستنیشـانکردنی ڕێپێرتـواری یەکێـک لـە مەزنتریـن شـانۆکانی جیهـان پیشـان دەدات.

زانیارییـەکان ئـەوە دەردەخـەن کـە تاینـان، بـە چەشـنی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ، لە دەستنیشانکردنی ئەکتەرەکانیشدا ڕۆڵـی بەرچاوی هەبوو، باشترین نموونـەش کـە لـە شـانۆی بەریتانیدا ئاماژەی پـێ دەکرێت، ڕۆڵـی ئۆتێللۆیـە کـە ئۆلیڤیـە نمایشـی کـرد. ئۆلیڤیـە لـە ڕۆڵـی ئۆتێللـۆدا گەیشـتە لووتکـەی داهێنـان، بـەڵام ئۆلیڤیـە، وەک بـاس دەکرێت، نەیدەویسـت ڕۆڵـی ئۆتێللـۆ ببینێـت، هەرچـی تاینـان بـوو، پێـی وابـوو ئۆلیڤیـە لـەو ڕۆڵـەدا سـەرکەوتن بـە دەسـت دێنێـت. تاینـان پـاش گفتوگۆیەکی زۆر باوەڕ بە ئۆلیڤیە دێنێت کـە لـەو ڕۆڵـەدا سـەرکەوتوو دەبـێ، هـەر واش کەوتـەوە، لـە ئەنجامـدا ئـەو شـاکارەی لـێ کەوتـەوە کـە بـە یەکێـک لـە ڕۆڵـە ناوازەکانـی ئۆلیڤیـە هەژمـار دەکرێـت. ئـەم نموونەیـە بـۆ سـەردەمی مخـات و ڕۆڵـی نیمیرۆڤیـچ دانچێنکـۆ، شـان بـە شـانی ستانیسلاڤسکی، لـە هەڵبژاردنـی ئەکتەرەکانـی مخـات دەمانگێڕێتـەوە.

کەسـێک بیەوێـت لـە ڕۆڵـی دراماتورگییانـەی نیمیرۆڤیـچ دانچێنکۆ تێبگات، باشتر وایە یەکسـەر کتێبـی (ژیانـم لـە هونـەردا)ی ستانیسلاڤسـکی بـەوردی بخوێنێتـەوە و لێـی تێبـگات. لەوێـدا ستانیسکلاڤسکی بە وردی باس لـەوە دەکات کە دانچێنکـۆ چ ڕۆڵێکـی کاریگـەری لـە تێگەیشـتنی شـانۆنامەکانی ئیبسـین و چێخۆڤـدا بینیـوە.

ستانیسلاڤسکی باس لەوە دەکات، کە تێگەیشتن لە ئیبسین بۆ خۆی و ئەکتەرەکانی تیپەکە هەروا ئاسـان نەبـوو، تەنانـەت چێخـۆڤ کـە هەرچەنـدە پێـی وا بـوو ئیبسـین ڕاسـتە داهێنـەرە، بـەڵام نووسـەرێکی وشـکوبرینگ و کـەم هەسـت بـوو. ئـەو (واتـە چێخـۆڤ) پێـی وابـوو ئیبسـین زۆر بایـەخ بـە هـۆ و هـۆکار و ئاخاوتـن و زەیـن و هـزر دەدات. دەکرێـت ئـەم مۆرکـەی شـانۆنامەکانی ئیبسـین بـۆ ڕووسـەکان وا بکەوێتـەوە، بەتایبەتـی ئەگـەر لەگـەڵ شـانۆنامەکانی ئۆستڕۆڤسـکی یـان چێخـۆڤ بەراودیـان بکەیـن، بـەڵام بـۆ سـکەندەناڤیاییەکان بـەو چەشـنە ناکەوێتـەوە.

توێژەرانـی بـواری شـانۆی ڕووسـی، کێشـەی سـەرهەڵدان و تەشـەنەکردنی ئەدەبـی شـانۆیی ئیبسین لـە شـانۆی ڕووسـی بـە گشـتی، لـە مخات بەتایبەتـی لـە گەلێـک تۆژینـەوەدا بـاس دەکـەن. ئیبسـین بـۆ ڕووسـەکان نووسـەرێکی گرنـگ بـوو، بـەڵام لـە نمایشـکردندا تووشـی کێشـە دەهاتـن، کێشـەکەش لـە بنەچـەدا کێشـەیەکی دراماتورگیانە بوو، واتە چۆنیەتی تێگەیشتن و بەرجەستەکردنی ئەدەبـی شـانۆیی ئیبسـین بـوو، کـە بـۆ شـانۆکار و بینـەری ڕووسـی، لـە ڕووی هـزر و بیـر و سـۆز و هەسـتەوە، زۆر جیـاواز بـوو. ستانیسلاڤسـکی ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە نیمیرۆڤیـچ دانچێنکـۆ ئـەم کێشـەیەی بـۆ مخـات چارەسـەر کـرد. وەک ئـەو دەڵێـت تێگەیشـتنی شـانۆنامەکانی ئیبسـین بەبـێ نیمیرۆڤیـچ دانچێنکـۆ بـۆ ئێمـە سـەخت بـوو. نیمیرۆڤیـچ دانچێنکـۆ باشـترین ئیبسـین ناسـمان بـوو، هـەر ئـەو دەیزانـی چـۆن شـانۆنامەکانی شـی بکاتـەوە، لێکیـان بداتـەوە و گوزارەیـان لـێ بـکات و هەسـتیان پـێ بـکات. تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی مخـات بـۆ شـانۆنامەکانی ئیبسـین دەقـاودەق لـە تێگەیشـتنی دراماتورگـی شـانۆکەوە سـەرچاوەی دەگـرت، بـە ئەندازەیـەک ستانیسلاڤسکی دەڵێـت: تێگەیشـتنمان بـۆ ئیبسـین دەنگدانـەوە و سـەدای تێگەیشـتنی نیمیرۆڤیـچ دانچێنکـۆ بـوو.

لـە شـرۆڤەکردنی سـێ شـانۆنامەی ئیبسـین دا،

(هێدا گابلەر) و (براند) و (دوژمنی گەل)، کە هەرسێکیان لەلایەن مخاتەوە نمایش کران، ڕۆڵی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ وەک دراماتورگێکی پێشەنگی شانۆی مۆدێرن، بەر لە نزیکەی سەت و پەنجا ساڵ، تا بڵێیت کاریگەر بوو.

وانەبێت ڕۆڵی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ وەک دراماتورگ تەنیا لە چوارچێوەی ئەدەبی شانۆیی ئیبسین دا بووبێت، بە پاساوی ئەوەی جیهانبینی و ژینگە و کەسایەتییەکانی (ئیبسین)ی نەرویجی بۆ شانۆکاران و بینەرانی ڕووس ناوازە بووبن، نەخێر! ڕۆڵی دانچێنکۆ لە سەرجەم نمایشەکانی (مخات)دا بەڕوونی دەردەکەوێت، بە شانۆنامەکانی چێخۆڤیشەوە، کە زۆربەمان پێمان وایە، کەس لە ستانیسلاڤسکی باشتر و قووڵتر لە شانۆنامەکانی چێخۆڤ تێ نەگەیشتووە. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە ستانیسلاڤسکی یەکەم ڕێژیسۆرە جیهانی چێخۆڤ و کەسایەتییەکانی سەرکەوتووانە و داهێنەرانە بەرجەستە کردووە، ئەو بەر لە هەموو ڕێژیسۆرێکی تر، باش لە چێخۆڤ گەیشتووە، ئەمە ڕاستە! بەڵام هەر ستانیسلاڤسکی خۆیشی ئاماژە بەوە دەکات کە تێگەیشتنی ڕاستەقینە و قووڵی چێخۆڤ بەبێ نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ مەحاڵ بوو، بەتایبەتی کە باس دێتە سەر باسی ڕاستگۆیی هونەریی لەلای چێخۆڤ، کە ئەمە کرۆکی تێگەیشتنی ڕاستەقینەیە لە شانۆنامەکانی چیخۆڤ، تێگەیشتنی جیهانی چیخۆڤ شتێکە، بەڵام گەیشتن بە ڕاستگۆیی هونەری لەلای چێخۆڤ شتێکی ترە، کە ئاسان نییە.

ستانیسلاڤسکی دەڵێت باس لە نهێنییەکانی ناو شانۆنامەکانی چێخۆڤ دەکات، دەڵێت نهێنییەکانی ناو شانۆنامەکانی چێخۆڤ وەک خەزێنەی شاراوەن، مەبەستی ئەو لە خەزێنە شاراوەکان، تەنیا ناوەڕۆکی شانۆنامەکە و کاکڵەی کەسایەتییەکان نین، ئەو خەزێنە نهێنیانە ناخی ئەو ئەکتەرانەیش دەگرێتەوە کە ڕۆڵەکان دەبینن، کارکردن بۆ گەیشتن بەم نهێنییانە دەکەوێتە سەر دراماتورگ، هەروەها دەشڵێت: نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ ، بە ڕێگای تایبەتی خۆی، دەیزانی چۆن پەی بە خەزێنە شاراوەکانی چێخۆڤ بەرێت، منیش ڕێگای تایبەتی خۆم هەبوو، هەرچی ئەو بوو لە ڕێگای ئەدەبەوە پەی پێیان دەبرد، بەڵام من لە ڕێگای ئەکتەرەکان و لە ڕێگای فۆرمەوە پەیم پێیان دەبرد. ئەوەی بە دانچێنکۆ دەکرا بە من نەدەکرا، ئەو لە شیکردنەوەی دەق و یەکالاکردنی ئاستەکانی هەستپێکردن و سۆزی کەسایەتییەکان کارامە بوو، هەرچی من بووم، ئەم کارەم پێ نەدەکرا، نەمدەتوانی بە قسە ئەو لایەنە بەرجەستە بکەم، بەڵام دەمتوانی بە وێناکردن ڕوونی بکەمەوە و پێشانی ئەکتەرەکانی بدەم.

ئەرکی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ لە شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی بیرۆکەی سەرەکی شانۆنامەکان لەگەڵ خەملاندن و گەڵاڵەکردنی دیدگەی سەرەکی نووسەر، تەواو جێگەی متمانە و باوەڕی ستانیسلاڤسکی و ئەندامانی مخات بوو. ئەم ڕاستییەشمان لە دەرهێنانی شانۆنامە بەناوبانگەکەی گۆرکی (چینی بنەوە) بێ پەردە بۆ دەردەکەوێت، ئەرکی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆ لەم نمایشەدا، دەستنیشانکردنی بیرۆکەی سەرەکی نووسەربوو. ستانیسلاڤسکی بەر لەوەی دەست بە مەشق و ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی بکات، پشتی بە لێکۆڵینەوەکانی دانچێنکۆ دەبەست، ئەو دەڵێت: هەردووکمان، من و هاوڕێی هێژام نمیرۆڤیچ دانچێنکۆ، بۆ گەیشتن بە ڕوحی نووسەر و جەوهەری شانۆنامەکە، هەریەکەمان بە شێوازی تایبەتی خۆی ڕێگەی گرتە بەر، نمیرۆڤیچ دانچێنکۆ شیکارییەکی نایابی شانۆنامەکەی پێشکێش کردین،

ئەوجا چونکە خۆی شانۆنووسێکی کارامەیە و شارەزای ڕێچکە نهێنییەکانی ئەدەبیشە، خێرا پەی بە کورتترین ڕێگای ئەفراندن و داهێنان دەبات.

دەبێ ئەوەش بزانین ئەم کارکردنە دووقۆڵییەی هەردووکیان، ڕیژیسۆر و دراماتورگ، وانەبێت بەردەوام لە هارمۆنیا و هاوئاهەنگیدا بووبێت، نەخێر! وەک ستانیسلاڤسکی باسی دەکات، چەند جارێک کێشەی لە یەک حاڵی نەبوون و پێکدادان هاتووەتە پێشیان، بەڕادەیەکی ئەوتۆ تووشی بەدحاڵیبوون و دەمەقاڵی توند هاتوون، چەند جارێک دیدگا و بۆچوونیان تەواو پێچەوانەی یەکتر بووە، بەڵام لە ئەنجامدا وەک خۆی دەڵێت: ئەم بەرکەوتنانە سوودیان لە زیانیان زۆرتر بووە، چونکە هەردووکیان دواتر گەیشتوونەتە یەک مەبەست و دەرئەنجام کە دەکاتە جەوهەری ڕاستەقینەی شانۆنامەکە، ستانیسلاڤسکی دەڵێت سەرەڕای ئەو کێشانە، بۆمان دەرکەوت کە هەردووکمان دەمانویست هەمان تونێل لە چیای هونەردا هەڵبکۆڵین.

لەم قسانەی ستانیسلاڤسکی دەردەکەوێت کە ئەرکی سەرەکی دراماتورگ وەک لە کەسایەتی نیمیرۆڤیچ دانچێنکۆدا بەرجەستە بووە، بەر لە هەموو دەستکارییەک، تێگەیشتنە لە دەق و بیرۆکەی سەرەکی نووسەر وەک خۆی، پاشان یارمەتیدانی ڕیژیسۆر و ئەکتەران و سەرجەم هونەرمەندانی ناو بەرهەمەکە، بەر لەوەی ئەرکی دراماتورگ لە چوارچێوەی دەستکاریکردنی دەق و ئامادەکردن و ئاوێزانکرد بێت. بێگومان دەشکرێت هەردووکیان بێت، بەڵام ئەوەی باوە ئەوەیە کە زۆر جار ئەرکی یەکەم فەرامۆش دەکرێت، وا پێشان دەدرێت کە ئەرکی سەرەکی دراماتورگ تەنیا لە شەقڵی دووەمیاندا خۆی دەنوێنێت.

ڕۆڵی دراماتورگی کارامە لەم سەردەمەی ئێستادا تا دێت پانتاییەکی فراوانتر لە نمایشی پیشەمەندانەدا داگیر دەکات. ئەم تایبەتمەندێتییە، واتە پیشەمەندێتی شانبەشانی ئەزموونی کردەیی، وا پێویست دەکات کە دراماتورگ زانیاری لە سەرجەم بوارەکانی ئەدەب و هونەر و زمان و فیکر و فەلسەفە و بوارەکانی زانستە مرۆییەکان هەبێت.

**جیهانی نمایش و ئەرکی هەرە سەرەکی، دوژمنی گەل بە نموونە:**

شانۆنامەی (دوژمنی گەل)ی ئیبسین کە لە قۆناغی یەکەمی بەرنامەی مخات و لە سەروبەندی شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ پێشکەش کرا، ڕاستیودروستی بەهای ئەرکی هەرە سەرەکی نمایش دەسەلمێنێت، دروست وەک ئەوەی کە مەبەستی ستانیسلاڤسکییە. دیارە نمایشی ئەم شانۆنامەیە، بە شێوەیەک نزیک بوو لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی ڕووسیای قەیسەرییەوە، کە بینەران پاش نمایشەکە چەندان جار ناڕەزایی و خۆپیشاندانیان دژ بە گەندەڵی و ستەمی حوکمڕانی قەیسەر سازکرد. بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ستانیسلاڤسکی وەک خۆی دەڵێت، مەبەستی ئەوە نەبوو نمایشەکە لە سنووری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و بە مەبەستی چاکسازی بەو ڕادەیە تەشەنە بکات، بە ئەندازەیەک بارودۆخی سیاسیش بگرێتەوە، بەڵام سەردەمەکە، سەردەمێکی گرژ و تەنگژاوی بوو، نمایشەکە چەند ڕۆژێک پێش شۆڕشی ١٩٠٥ پێشکەش کرا. بابەتی نمایشی دوژمنی گەل، کە باس لە گەندەڵی دەکات، بۆ ئەو سەردەمە، بۆ خەڵکی شاری پیتربۆرگ، تەواو گونجاو بوو. ڕاستە شانۆنامەی دوژمنی گەل دەکرێت، وەک ستانیسلاڤسکی دەیویست،

بە دیدێکی کۆمەڵایەتی ڕەخنەئامێزەوە لێک بدرێتەوە، بەڵام نەدەکرا لە پەیامە سیاسییەکەی داببرێت، ئەمەش پەیوەستە بە: کەی و لە چ سەردەم و کۆمەڵگەیەدا ئەو نمایشە پێشکەش دەکرێت. شانۆناکەمە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی سەدەی هەژدەمە، هەر لە نەرویج خۆی ئەو پایەمە سیاسییە زەقەی نەدەبەخشی، بەڵام بۆ بینەرانی ڕووسیای سەردەمی شۆڕشی ١٩٠٥ پەیامە سیاسییەکە گرنگتر بوو لە پەیامە کۆمەڵایەتییەکە، بە واتەیەکی تر، شۆڕش و یاخیبوون و ناڕەزایی دەربڕین و بەرەنگاریکردنی دەسەڵاتی قەیسەری گرنگتر بوو لە بانگەشەی میانڕەوانەی سازشکارانەی چاکسازی، بێگومان ستانیسلاڤسکی لەم خاڵە گرنگە تێگەیشتبوو، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بۆچوونەکەی ستانیسلاڤسکی لە ژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکەی دراماتورگی بەریتانی تاینان لێک بدەینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامە گرنگەی کە ستانیسلاڤسکی لە ئیلهامی ئەرکی هەرە سەرەکییەوە، کاردانەوە سیاسییەکانی بۆ بینەران بەجێ هێشتووە، کە خۆی بەم جۆرە ڕوونی دەکاتەوە:

شانۆنامەی دوژمنی گەل کە کار لەسەر دوو لایەن دەکات، لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی سیاسی، من دەمویست لایەنە سیاسییەکە پشتگوێ بخەم، هەر بۆیە شانۆگەرییەکە لەلای بینەران کاریگەرتر کەوتەوە.

ستانیسلاڤسکی دەڵێت: بە مەبەستی چاکسازی و لایەنگیری لە حەق و ڕاستی، فۆکسی خستووەتە سەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی شانۆنامەکە، ئەویدی کە پەیوەستە بە بارودۆخی ساسییەوە، ئەوەی بۆ ویژدان و زەینی بینەر هێشتووەتەوە، کە لە کۆتاییدا بە سیاسەتەوەی دەبەستێتەوە، ئەمەش ئەرکی هەرە سەرەکی نمایشەکەیە کە دەبێت لە پرۆسەی کاری دراماتورگیدا، پێش هەموو ئەرکێکی تر بخرێت و بەوردی کاری لەسەر بکرێت. وانەی گرنگی ستانیسلاڤسکی وەک ڕیژیسۆر، لەگەڵ هاوکارە هەمیشەییە گیانی بە گیانییەکەی نۆمیرۆڤیچ دانچێنکۆ وەک دراماتورگ، ئەوەیە کە ئەرکی هەرە سەرەکی نمایش لە ڕوانگەی عەقڵانی و زەینییەوە پێویستە بە وردی و بەشێوەیەکی دروست دەستنیشان بکرێت و بکرێت بە ئامانجی سەرەکی نمایشەکە و هەموو شتێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە تەرخان بکرێت، بەڵام هەرچی پێوەندی بە لایەنی دەروونی و هەستەکی و سۆزی بینەرانەوە هەیە، ئەویان بۆ بینەران خۆیان جێ دەهێڵێت، وەک ئەوەی کە لە دوژمنی گەلدا ڕووی دا.


**سەرچاوەکان:**

**کۆنستانین ستانیسلاڤسکی: ژیانم لە هونەردا، بە زمانی ڕووسی:**

(Станиславский К. С: Моя жизнь в искусстве)

Kenneth Tynan: Theatre Writings.